پوچەڵکردنەوەی پیلانێکی تێکدەرانەی پاشماوەی حیزبی بەعس لە سێ پارێزگا

ئەمرۆ یەکشەممە، ئاسایشی نیشتیمانی عێراق پوچەڵکردنەوەی پیلانی تێکدەرانەی گروپە پاشماوەکانی حیزبی بەعس لە سێ پارێزگادا راگەیاند.

ئاسایشی نیشتیمانی، لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە: دوای دەستکەوتنی زانیاریی بەردەوام، توانیویانە هەوڵەکانی گروپە لاوازەکانی و پاشماوەکانی حزبی بەعسی لەناوچوو هەڵبوەشێنەوە کە دەیانویست ڕای گشتی بجولێنن دژی ئاسایش و حکومەت.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە : ئەم کەسانە قسەی درۆ و نابەجێیان بڵاوکردۆتەوە و پڕۆپاگەندەیان بۆ حیزبی بەعسی قەدەغەکراو کردوە، لەژێرناوی ”لیوای 66 کە لە دەرەوەی وڵاتەوە بەڕێوە دەبرێت.

لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکاندا، 40 تۆمەتبار دەستگیرکراون کە تۆمەتبارن بە بەڕێوەبردن و دەستبەرکردنی پارە بۆ دروستکردنی ناکۆکی مەزهەبی و هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی کارە تێکدەرەکانیان، لەو بارەیەشەوە هەندێکیان دانیان بە وەرگرتنی ڕێنمایی و پشتگیری لە دەرەوەی وڵات ناوە.

راگەیەندراوەکەی ئاسایشی نیشتیمانی جەخت دەکاتەوە کە ئەم گروپانە سەرکەوتوو نابن لە تێکدانی ئاسایشی وڵات یان گەڕاندنەوەی بیری دیکتاتۆری، هەروەها ڕێکاری توندی یاسای لە دژی تۆمەتبارەکان

د□گیر□ت□ب□ر.